# ڤان ئیرۆتیک

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی رۆشنبیری
*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**
**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**
***

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

# ڤان ئیرۆتیک

قوبادی جەلیزادە

ڕۆستەم ئاغالە

ناوی کتێب: ڤان ئیرۆتیک
شیعر: قوباد جەلی زادە
ڕێکخستنی دەق و نیگارەکان: ڕۆستەم ئاغالە
بڵاوکراوەی ئاراس - ژمارە: **٥٣١**
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە و بەرگ: ئەرسەلان ئەحمەد
چاپی یەکەم، ٢٠٠٧
لە کتێبخانەی گشتیی هەولێر ژمارە (٥٢)ی ساڵی ٢٠٠٧ی دراوەتێ



## ڤان ..

بەیانییەک ( ڤان ) شاژنی جوانی و عیشق ، لە ئەشکەوتی شانەدەردا
هاتە دەرێ و گەردنە بەرزەکەی هەڵبڕی و رووی کردە خۆروو و وتی :

خوایە ..

ئەو ساتە وەختەی بە ترۆرستتێکی دەبەخشی ، تا تیایدا منداڵێک سەربڕێ
بۆ بەو عاشقە شەیدایانەی نابەخشیت ، تا تیایدا مومارەسەی ئەڤین بکەن !؟؟

## خودایه ..

ئەو هەموو زەوییـــە بەرفراوانەی بە ترۆرستێکی دەبەخشیت
تا بۆ عیشق کوشتن ، مین رێژی بکات ، بۆ تەنیا بستێکی
بە بەندە عاشقەکانتی نا بەخشیت ، تا گوڵ و ما چی تیادا
بچێنین !؟



## خودایە ..

ئەو زەریا بێ قەراغانەی ژەهر، رۆژانە
دەیخەیتە بەر چنگی ترۆرستێک، تا تیایدا جوانی
بخنکێنێت، بۆ نایکەی بە کانیلەیەکی شەکر و
قوڕگی ساوایەکی هەتیوی پێ تەڕکەی !؟



## ڤان ..

بەر لەوەی بگەڕێتەوە ناو ئەشکەوت، تورەکەیەک لیرەی خۆشەویستیی هەڵڕشتە بەر پێمان، کە شاعیرێکی سەرسپی عاشق، لە ژوانی تاریکەشەوێکدا، پێی بەخشیبوو:



## لیرەی یەکەم

پەرداخێک شەرابی لێوتم بدەیە
تا پڕ ببمەوە ،
لە جریوە جریوی لاوێتی !!



# لیرەی دووەم

بمدەیە
شمشێری برۆکانتم بدەیە
تا سەری ئەو دێوانەی پێ بپەڕێنم
کە گەروم پڕ دەکەن لە ژەهری پیری.



## لیرەی سێیەم

**لە تاڵە ئاڵتوونییەکانی قژت**

**باڵێکم بۆ بچنە**

**تا بۆ باخچە هەڵواسراوەکانی ئارامی**

**پێی هەڵفڕم!!**



## لیرەی چوارەم

بمدەرێ
چەپکێ تریفەی مەمکەکانتم بدەرێ
تا لە شەوی ئەنگوستەچاوا
بەشوێن گوڵە ونبووەکانی
بەختەوەریدا.
بگەڕێم.



## لیرەی پێنجەم

بمدەرێ
لە گۆزەی چاوە مەستەکانت
پێکێکم بدەیە ،
تا ژنی رەز بەرووتی بینم !



# لیرەی شەشەم

بمدەیە
خەنجەرێک بۆ زیندووبوونەوە.
کوڵینگێگ،
تا لە شەتاوی عیشقدا، گۆڕی نەمری هەڵکەنم !





# لیرەی حەوتەم

ئەمشەو منالێکی ئەنفالکراوم
بمدەیە
مشتێک بەزەییم بدەرێ..

## لیرەی هەشتەم

چاوەکانم کشان ..

بمدەیە

پەرداخێک خەوم بدەیە !



# لیرەی نۆیەم

بمبەرە بەر رێژنە بارانی دیدەت
با بیابانی رۆح
سەوز بێتەوە لە مەستی !



# لیرەی دەیەم

دەستم بەردە
خۆم ئەو ڕێگایانە دەدۆزمەوە
کە دە چنەوە دابڕان !



## لیرەی یانزەیەم

پەلم مەگرە کۆرپەگیان
خۆم هەموو باخەکانی داگیرسان
شارەزام !

***شێتیکی پرچ و ردێن چلکنی کراس دادڕ دار، سەری بردە زارکی ئەشکەوتەکە و سێ گۆرانیی بۆ ڤان چڕی:***

-١-

**ئێمە بە ئاشکرا پیاو دەکوژین**

**و**

**بەدزییەوە ماچ دەکەین.**





- ٢ -

بەمندالّی ..
خودا و ژنیان لا ناشیرین کردین
خودا شمشێر و
ژن عەورەت !



- ٣ -

خودا بە شەش شەو
ڤانی دروست کرد و
دەستی بەسەر جوانییا داگرت و
پاشان پشووی دا.





# ٢٨ ی مانگ

(( ڤان لە ئەشکەوتی شانەدەرەوە .. بۆ .. گۆشەیەکی خنجیلەی سەر چنار))

-١-

سەرچنار خنکاوە لە نوور
ئەڵێن ئەستێرەیەک
کشاوەتە سەرگردێک !





-٢-

که پێ دەنێتە سەر گردەکە ..
گوڵ و
لۆکە و
هەنگوین و
تریفە و
لەزەت
بەیێکەوە دەبارن !



- ٣ -

ئەو گردە ..
کە گوێی لە ترپەی ئێمە دەبێ
دەبێ بە درەختێکی کەڵەگەت و
ئێمەش بە دوو کۆتری سپی !



-٤-

چاوەکانت  پڕکردووم لەجوانی
ئیتر دەڕژێیتە
کوێمەوە !؟



- ٥ -

قورسایی جوانیی ڤان نەبوایە
زەوی خێراتر ،
بە دەوری خۆردا دەسووڕایەوە!



-٦-

**ڤان نه بوایه**
**خەون رەش و سپی دەبوو !!**





-٧-

بەرۆژ ..
خۆر لە قژیا دەخەوێ و
شەوانەش،
مانگ لەسەر سینگی!



-٨-

**ڤان .. بستێکی ماوە**
**دەستی بگاتە ئاسمان !**





-٩-

ئەوشەوە ڤان
لە هەموو درەختەکانی سەرچنار
کەڵەگەتر بوو !

-١٠-

دەم نەبوو ..
ئاگردانی پشکۆبوو
دەمێ لێوی داغ دەکردم و
دەمێ زمان !





- ١١ -

ما چەکانمان ،
بوون بە جۆگەلەیەک رەنگ و
رژانە چەمی سەرچنارەوە!



-١٢-

ڤان بەهەنگوین شتمی ..
بەتریفە وشکی کردمەوە
بە قژ دایپۆشیم ..





-١٣-

لە چاوە مەستەکانییەوە
دوو گۆزە شەراب،
دەڕژێتە ڕۆحمەوە!



-١٤-

له تریفەی سنگی ڤان و
ڤژی سپیی منەوە،
بارانی زیو دەبارێ!!



-١٥-

نووری ڤان نەبوایە
هەردوو لێو و
هەردەپەنجەم،
لەتاریکیی شەوا گوم دەبوون!



-١٦-

ڤان هەتا ،
هەنگوینی رژاوی داوێن و
تریفەی پڕاوی مەمک و
ملوانکەی پساوی ما چی کۆکردەوە
بوو بە نیوە شەو !



-١٧-

ئێستاش،
پەنجەکانم دەدرەوشێنەوە
ئەمە ورشەی تریفەی
مەمکە نوورانییەکانی ڤانە



-١٨-

ڤان پێش ئەوەی دابەزێ ،
دڵی خستمە ناو جانتاکەی
دەستی و ..
بردی !!



-١٩-

بۆنی ڤانم لێ دێ ..
ناوێرم سەرکەم بەماڵ
ئەمشەو ... لەناو ماشێنەکەمدا دەنووم .





-٢٠-

بە تەنیا
دە چمەوە سەرگردەکە ..
هەواڵی ڤان دەپرسێ ..
من پێکەکەم پڕ دەبێ لە فرمێسک و
ئەو کۆشی پڕ دەبێ
لە ماچی ژاکاو.

-٢١-

**ئەو گردە**
**لە ئێمەوە فێری عیش بوو..**
**شەو تا ڕۆژ دەبێتەوە**
**لەگەڵ گردەکەی بەرامبەری**
**مەسێج دەگۆڕێتەوە !**







-٢٢-

ڤان .. سەفەری کرد ..
منیش تا هەتا ،
بەم گردە دڵتەنگەوە،
درەختێکم
لە درەختە غەمگینەکانی
سەرچنار.



## ماچ

ماچ ..
ئاتەشگەی پاکبوونەوەی رۆحە
لە گوناح .



## شەپۆل

رووبار بەئاوی باران و
کەفی وردە شەپۆل
خۆی دەشوات!

# ئەتەگ

رووبار هەمیشە،
ژێر کراسێکی درێژ
درێژ   درێـــــــژ و
تەنک
تەنکی لەبەردایە!



# وشکبوونەوە

ئاو،

دوگمەکانی سینگی کردۆتەوە و

خۆی داوەتە بەر هەتاو.

ووشک بوونەوە ئاو، دوگمەکانی سینگی کردۆتەوەو خۆی داوەتە بەر هەتاو.



# ماڵئاوا

هەور چاو بەفرمێسک .
باغ   غەمگین ..
– با _ تەزیو ..
وەرزی ماڵئاوایی گەڵاکانە.



# شەراب

ترێ وتی:
تاڵی و سووریم،
لەداخی تەنگ و تاریکیی
گۆزەیە!



# چارشێو

کاتێک خۆر بەئاسمانەوەیە ،
مانگ چارشێوی شەرم
دەکاتە سەری !





## عيشق

ئەستێرەیەک ،
ڕژایە سەر کەپری
ژنێک !

# کانی

برینی سەر دڵی زەوییە
هەمیشە نەزیف !



# جگەرگۆشە

خۆر مێردی مانگە..
ئەستێرە،
جگەرگۆشەی ئەوانن!



## دز

مانگ ،
لە کەلێنی چیغ و کوللەکانەوە
تەماشای رووتیمان دەکات !



# فریشتە

هەور،  پیاوێکی قژماش و برنجیی
ماسۆشییە،
تا فریشتەکان سمت و پشتی
نەدەنە بەر قامچی
رحەت نابێ!!





## هینگی دونیا

نەمارێک ، لەقەدی ئاڵاوە
نەشووی کردووە بە درەختێک
نەمن شەوێ لەگەڵیدا نووستووم!
ئەدی کێ ،
سگی ئەو مریەمەی پڕکردووە
لە هێشوو ؟!

## نەیزەک

**نەیزەک ،**
**منداڵێکی لەبار چووی**
**ئاسمانە !!**





## کوللە

تا ئەستێرەکان بەرووتی نەیانبینن..
مانگ و خۆر،
لەنێو کوللەی هەوردا
جووت دەبن!

## زاوا

چۆن بەو هەموو ئاسکییەوە
چرۆ،
پەردەی لقی درەختەکانی کون دەکات؟!






# پشکوتن

هەنگ ،
نوکتەیەکی بۆ خونچە
گێڕایەوە !



# رەنگ

باران ،
باڵی پەپولەیەکی تەڕکرد ..
پەپوولە بوو
بەتیوبێک رەنگ !

## گەڕان

شەگەبییەک،
ملوانکەکەی
کەوتە رووبارەوە!
هەر ماسی یە،
دەنکێکی قوت دا!

